www.kurdistannet.org
20/07/2003 22:22

# شیعر و ... چاو

حەمەی ئەحمەد ی ڕەسووڵ

- 1 -

ئەفسوونی چاو

هەموو ئێوارانێ ؛
لە دەروازەی ئەشقی پیرۆزەوە
نازانم بۆ ؟؟
چاوانی تۆ ..
ئەمخاتە نێو
باڵۆرەی
حەیرانێکی
مەستەوە . !!!

- 2 -

چاوی شیرین

دەمەو عەسرانەو بەفرەبارێ
لە ناکاودا ،
چاو هەنگوینی تێپەڕەبێ
- کەچی سەیرە !؟
لە دەرەوە و لە سەرمانا هەڵەلەرزێم
لە ناخەوەش ،
وا ئەسووتێم ... !!

کوردستان نێت www.kurdistannet.org